مەسعود بارزانی: موچەی خەڵك وەك كارتك بەكاریان هێنا بۆئەوەی هەڕەمی كوردستان لەناوببەن

مەسعود بارزانی سەرۆكی پارتی دیموكراتی كوردستان رایدەگەیەنێت، موچەی خەڵكی كوردستان قەزیەیەكی سیاسییە و وەك كارتك بەكاریان هێنا بۆئەوەی هەڕەمی كوردستان لەناوببەن، ئەمەش بە چاو ساغی خەڵكێكی ناوخۆیی بو و دەشێت، "پیلانی ئێستا و دوژمنایەتی ئێستا لەگەڵ میللەتی ئێمە زۆر مەترسیدارتر و گەورەترە لە هی ڕابردو".

ئەمڕۆ پێنجشەممە لە شاری دهۆك مەسعود بارزانی لەگەڵ ژمارەیەكی زۆری دایك و خانەوادەی شەهید و پێشمەرگە و ئافرەتە تێكۆشەرەكانی پارێزگای دهۆك كۆبوەوە و وتارێكی پێشكەش كرد كەموتێع بۆدواداچوونی بۆ كردوو و جەختیكردەوە، "جگە لە خودا ئێمە بۆ كەس خۆناچەمێنین و تەنها بۆ دایكی شەهیدانی خانەوادەی شەهیدان 10 جار خۆمان دەچەمێنین".

مەسعود بارزانی لە وتارەكەیدا ڕایگەیاند، لە شێشی ئەیلولەوە تا ئەمڕۆ ئافرەت باوك بوە، دایك بوە مامستا بوە، جوتیار بوە، ئەو خەبات و قوربانیدانەی گەلی كورد و ئازایەتی ئافرەتانی كورد ئەمانەتێكی گەورەیە لەسەر شانی ئێمە بێیە هەرچی بێم كەمە دەرهەق بە دایكی شەهیدان و كەسوكاری شەهیدان.

مەسعود بارزانی ئاماژەی بە مەترسی پیلانەکانی ئێستا بۆ سەر هەرێمی کوردستان کرد و ڕایگەیاند، "پیلانی ئێستا و دوژمنایەتی ئێستا لەگەڵ میللەتی ئێمە زۆر مەترسیدارتر و گەورەترە لە هی ڕابردو، ئێستا بە شێوەیەکی بەرنامەڕێژراو دەیانەوێت خەڵکی ئێمە و گەنجی ئێمە توشی ماددەی هۆشبەر بێت، ئەمە گەورەترین مەترسییە، دەیانەوێت خەڵکی ئێمە توشی بۆ ئومێدی بکەن و هیچ سۆز و ئینتما بۆ نیشتمان نەمێنێت".

هەر لە وتارەکەیدا مەسعود بارزانی ئاماژەی بە بینینی موچەی خەڵکی کوردستان کرد و وتی، "موچەی خەڵکی کوردستان قەزیەیەکی سیاسییە و وەك کارتك بەکاریان هێنا بۆئەوەی هەرێمی کوردستان لەناوببەن، ئەمەش بە چاو ساغی خەڵکەکی ناوخۆیی بو کە ڕۆگایان بۆ بەغدا خۆش کرد و ئەمەش لە ئەنفال و کیمیاباران کەمتر نیە.